# ٧ حکومەتی ئیغتصابی ژنان و گۆشەیەکی "ئۆقیانوسێك لە تاوان"

**رێبوار ئەحمەد**

بە پێی ئاماریك کە دکتۆر یوسف عوسمان لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی دەستدریژی سیکسی بۆ سەر ژنان لە کوردستان، ئاشکرای کردوە و سایتی ئاوینە بلاوی کردووەتەوە، حکومەتی هەریمی کوردستان، تەنها شیاوی ئەوەیە وەکو حکومەتی دەستدریژی سیکسی بۆ سەر ژنان ناوزەد و ئیدانە بکریت. لەو لیکۆلینەوەیەدا نیشاندراوە کە تەنها ئەو حالەتانەی ئاشکراو تۆمارکراون لە دەستدریژی سیکسی بۆسەر ژنان لە ماوەی دوو سالی 2005و 2006دا گەیشتوەتە 435 حالەت. جەخت لەسەر ئەوەش کراوە کە ئەم دەستدریژیانە لەلایەن وەزیرەکانی وەزارەتخانەی حکومەتی هەریمو بەریوەبەرە گشتیەکانو بەرپرسانەوە ئەنجامدراون. بەزۆریش دەستدریژیەکان بۆ سەر ژنانیك بووە کە لای ئەم وەزیرو بەرپرسانە وەکو فەرمانبەر کاریان کردوە.

هیچ گومانیك لەوەشدا نیە کە لانی کەم دوو بەرابەری ئەو ئامارەی سەرەوە حالەتی تر ماوە کە بە نهینی ماوەتەوەو تا ئیستا پەردەی لەسەر لانەچووە. بەلام هەموو ئەمانە هەر تەنها گۆشەیەکە لەو کارەساتو بەربەریەتەی کە لە کۆمەلگای کوردستاندا بەرامبەر ژنان بەریوە دەبریت. تالەبانیو بارزانیو سەرکردەکانی دوو حیزبی دەسەلاتداریش هیشتا جەسارەتی ئەوە بە خۆیان دەدەن کە لە موناسەبات و لە کاتی پیویستدا دەم لە بەرگری لە مافی ژنان و وەستانەوە دژی توندو تیژی بەرامبەر ژنان بکوتن.

ئاماری تاوانکاریەکان بەرامبەر ژنان، هەم لە ناوخۆی کوردستان و هەم لە نیو جالیە کوردیەکانی ئەوروپادا، بەداخەوە ئەوەیان بە دنیا نیشانداوە، کە یاساو کلتورو فەرهەنگی داسەپاو بەسەر ئەم کۆمەلگایەدا، لە کۆنەپەرستیو دژە ژنیو توندوتیژی بەرامبەر ژناندا، بۆری بە دواکەوتوانەترین جیگایەکی جیهانداوە. بە هۆی ئەو دیاردەی بەربلاوی ژنکوژیەوە کە لە کوردستانو لە نیو جالیە کوردیەکانی دنیادا هەیە، لە ئاستیکی فراواندا کوردستان وەکو مەلبەندی ژنکوشتنو بەربەریەت بەرامبەر ژنان دیتەبەرچاوی خەلکی جیهان. ئەم فەرهەنگ و کلتورو نەریتە کە هی ئەحزابو و بزووتنەوەو چینی بالادەستو داسەپاوە بەسەر کۆمەلگاکەدا، بەلگەی بەهیزو نمونە زەقەکانی لەم لیکۆلینەوەیەی دکتۆر یوسفدا بە ئاشکرا دەرکەوتوە. ئەم لیکۆلینەوەیەش وەکو سەدان بەلگەی دیکە نیشانیدەدات، کە دەسەلاتی داسەپاوی ئیستای کوردستان، نەك هەر بەرپرسی ئەوەلو ئەخیرە لەو جەهەنەمو کوشتارە بە کۆمەلەی کە لە کوردستاندا بۆ ژنان بەریخراوە، بەلکو هەر خۆیانن سەرچاوەی ئەو "ئۆقیانوسیك لە تاوانەن" کە بۆ خۆلکردنە چاوی خەلك نوسەرەکەی خەلات دەکەن.

یەکیتیو پارتیو سەرکردەکانی ئەم حیزبە ناسیونالیستانە، خەلکیان بە بەیتو بالۆرەی دیموکراسیو تەجروبەی دیموکراسی کوردستان و مافی مرۆڤ و مافەکانی ژنان کەرکردوە، سەرانی ئەم حیزبانە کە گوایە جگە لە پروپاگەندەکانیان ئیمکانیاتی جۆراوجۆریان بۆ وەستانەوە دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان تەرخان کردوە، هەر رۆژە لە شاشەی تەلەفزیونەکانیانەوە نمایشی چەواشەکارانە بۆ ئەم پروپاگەندانەیان دەگیرن، هەروەها لە کاتیکدا کە هەر جارەی کۆمەلیگ ئەلقە لەگویی بە ناو رۆشنبیر دەهیننە سەر شاشەی تەلەفزیون بۆ ئەوەی وەکو قارەمانی داستانی وەستانەوە بەرامبەر توندوتیژی دژی ژنان شاخو بالیان بۆ دروست بکەن، بەلام کاتیك تەنها پەردە لەسەر سوچیکی رەفتارە چەپەلەکانیان بەرامبەر ژنان لادەچیت، ئیتر ئەوە رۆشندەبیتەوە کە هەرچی تاوانکاری بەرامبەر ژنان لە کۆمەلگای کوردستانو تەنانەت لە نیو جالیە کوردیەکانی دنیاشدا روودەدات، یان راستەوخۆ لەسەر دەستی بەرپرسانو دەسەلاتداران روودەدەن، یان بە شیوەیەکی ناراستەوخۆ سەرچاوە دەبەنەوە سەر نەریتو کارکردی ئەوان بەرامبەر ژنان.

دەستدریژی سیکسی یەکیکە لە دڕندانەترین شیوازەکانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان. حکومەتیك کە وەزیرو بەرپرسەکانی لەم ئاستە بەرینەدا تاوانکاری ئەم شیوازە چەپەلەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان بن، ئیتر نەك هەر بۆی نیە دەم لە باسی مافی ژنانو وەستانەوە بەرامبەر توندو تیژی دژی ژنان بکوتیت، بەڵکو خۆی دەبی وەکو تاوانکاریکی گەورەی ئەم مەیدانە مامەلەی لەگەل بکریت.

چ شتیك لەوە ناشرینترو قیزەونترە، کە لە پشتی پەردەوە بە کردەوە هەر ئەوکارە ئەنجامبدەیت، کە روو بەکۆمەلگا وەکو کارو دیاردەیەکی چەپەل باسی لیوە دەکەیت؟! ئەمە تەنها ریسواترین فیلو فریوکاری نیە بەرامبەر خەلك. بەلکو بێ حورمەتیەکی گەورەیە بە جەماوەرو پرەنسیپە ئینسانیەکان. حکومەتیك کە وەزیرەکانو بەریوەبەرە گشتیەکانو بەرپرسەکانی، ئەم فایلە ئەستورەیان هەبیت لە دەستدریژی بۆسەر ژنان، چۆن دەکریتو چۆن لە رووی هەلدیت دەم لە مافی ژنانو وەستانەوە دژی توندوتیژیو ئەخلاقیات بکوتێ؟! چۆن دەکریت بە دەستیك ئەم رەفتارانە ئەنجامبداتو بە دەستەکەی تری ئیدانەی بکاتو فروفیشالی بەرگری لە مافی ژنان تەخشانو پەخشان بکات و گوایە پارەو ئیمکانیات تەرخان دەکات بۆ بەرگرتن لەو کارە نا ئینسانیانەی کە هەر خۆیان قارەمانین؟! لە سایەی دەسەلاتو وەزارەتخانەی بەم جۆرەدایە کە 16 سالە بە لیشاو ژنان کوشتار دەکرین، لوتیان دەبرن، بە بەردو بلۆك سەریان پاندەکەنەوە. ئەم بەلگە تازەیەو سەدان بەلگەی تر نیشانیدەدەن کە کەژال خدرو دوعاو بەنازو دەیان هەزار ژنی لە خوین نوقم کراو، قوربانی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کوردو نەریتی ئەو بزووتنەوەیەن.

حکومەتیك کە یەك تۆزقال پابەندی پرەنسیبی مەدەنیو ئەخلاقیاتی ئینسانی بیت، نەك لەسەر رووداني 435 حالەتی دەستدریژی وەزیرو بەرپرسەکانی بۆسەر ژنان، بەلکو لەسەر یەك حالەتی وا یان ئیستقالە دەداتو دەرواو بۆ هەمیشە روخساری خۆی ون دەکات، یان لیکۆلینەوەو ئیجرائاتیکی ئەوتۆ دەکات کە هاولاتیان قانع کات بەوەی کە حکومەت خۆی نوقمی ئەم فەسادیو بەربەریەتە نیە بەرامبەر ژنان. بەلام چاوەروانی ئەمە لەم حیزبە ناسیونالیستیو عەشیرەتیە میلیشیانە جگە لە خەون و خەیال هیچی تر نیە.

جیگای وەبیر هینانەوەیە کە هەر ئەم جەنابە ئیغتصابچیانەو حکومەتو مەلا بەکریگیراوەکانیان بوون کە سالەهایە، لە بەرامبەر بەرگری پەیگیری کۆمۆنیستەکان لە ئازادیو یەکسانیو مافەکانی ژنان، ئیمە کۆمۆنیستەکانیان بە بەرگری لە "بەرەلاییو تیکدانی بەها ئەخلاقیەکان" تۆمەتبار دەکرد. بەرامبەر ووتاریکی من دژی رەفتاری کۆنەپەرستانەی ئیسلام بەرامبەر ژنانو کیشمەکیشی ئیمەو ئیسلامیەکان لەسەر ئەم مەسەلەیە، حکومەتی ناسیونالیستەکان نەك هەر پشتی ئەوانی گرت بەلکو سەدان مەلای بەکریگیراوی خۆی خستەگەر بۆ پروپاگەندەی پروپوچی ئەخلاقی دژی منو کۆمۆنیستەکان. بەلام ئەم لیکۆلینەوەیەو بەلگەکانی نیشانیدەدەن، ئەو "بەها ئەخلاقە یە" پوچانە، کامانەن کە ئیمە دەمانویستو دەمانەوێ لە گۆریان بنێین. ئەمە بەلگەیەکەو نیشانیدەدات کە لە پشتی راگەیاندنەکانی ئەحزابی دەسەلاتدارو هاشوهوشی مەلا بەکریگیراوەکانو بە ناو رۆشنبیرە ئەلقەلەگویکان، چ فەسادخانەو جەنگەلیك بۆ ئیغتصابی ژنان بەرپاکراوەو چ ئەخلاقیاتیك رەواجی پەیداکردوە.

ئەوەی جیگای سەرنجە ئەوەیە کە لیکۆلینەوەو حالەتەکانو تاوانبارەکان، بە رۆشنی ئەوە دەردەخەن کە ئەم جەنابی وەزیرو بەریوەبەرو بەرپرسانە، تەنها تاوانەکەیان دەستدریژی نیە، هەر ئەوەشی لەگەل نیە کە پلەو پایەو دەسەلاتی خۆیان بۆ ئەم فەسادیە بەکارهیناوە، بەلکو لەوانەش زیاتر ئەمانە تەنانەت فرسەتی

کارو دامەزراندنی ژنانیان کردوە بە ریگایەك بۆ دامرکاندنی ئارەزوە نائینسانیەکانی خۆیانو دەستدریژی کردن بۆسەر ژنانیك کە بە ناچاریو بۆ بەریوەچونی ژیانیان ملیانبەوە داوە لایان دەمەزرین.

ئەم حیزبانە پیشتر ئەوەیان نیشانی خەلکداوە کە ئەوان فرسەتی کارکردنو بژیو پەیداکردن پاوان دەکەن بۆ ئەندامو دەستو پیوەندەکانی خۆیان، پاروی دەمی خەلك دەکەنە بارمتە بۆ بردنەپیشی سیاسەتی خۆیان، بەم جۆرەش لە ئاستی زۆر فراواندا خەلکیان ناچارکرد بۆ ئەوەی کاریان هەبیتو بژیوی خۆیانو خیزانەکانیان دابین بکەن، پەنجە مۆر بۆ ئەم حیزبانە بکەن یان چەکیان بۆ هەلگرنو سیاسەتە کۆنەپەرستانەکانیان بەرنەپیشەوە. ئیستا وا ئاشکرا دەبیت کە هەمان رەوشت بۆ دامرکاندنی ئارەزوی سیکسیو دەستدریژی بۆسەر ژنانیش بەکار دەبەن.

ئەگەر ئەم بەلگانە بخریتە سەر بەلگەکانی ناو کتێبی "ئۆقیانوسیك لە تاوان" کە دیسانەوە بەشی زۆری باسی "قارەمانیتی" بەرپرسانە هەر لەم مەیدانەدا و گوایە لەلایەن هەمان حکومەتی ئەم وەزیرو بەریوەبەرانەوە، نوسەرەکەی ستایشو خەلاتکراوە، ئیتر نەك یەکیتیو پارتیو سەرانیان، بەلکو ئەو بە ناو رۆشنبیرانەش کە بۆ قوتدانی پاروی چەور فروفیشالیان بۆ دەکەن، نابێ جەسارەتی ئەوەیان هەبیت لە هیچ کونجیکەوە خۆیان نیشانی خەلك بدەن. بەلام وا دیارە هەردوولایان زۆر لەوە واوەترن. ئەوانەی نوسەری "ئۆقیانوسیك لە تاوان"یان خەلات کردو ئەوانەی بۆ حاصلکردنی پارویەکی چەور دەسەلاتیان وەکو بەرگریکەر لە مافی ژنان ستایش کرد، دەبێ ئەو راستیە بزانن کە ئەو جەماوەرەی ئەوان دەیانەوێ خۆل بکەن چاویان، سەدان بەلگەی وەکو ئەم لیکۆلینەوەیەیان لەسەر تاوانباری دەسەلات بەرامبەر ئەو بەربەریەتەی دژی ژنان بەریوە دەچیت، لەبەردەسدایە.

حکومەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، رۆژ بەرۆژ تاوانەکانی گەورەترو فایلەکانی ئەستور تر دەبیت، خۆ ئەگەر رۆژگاریك بکریت لەسەر هەموو فایلو تاوانەکانیان پەردە لابدریت، ئەوەی تا ئیستا بیستراوەو ئاشکرا بووە، تەنها دەبیتە دلۆپیك لە دەریا.

لە هەر روانگەیەکەوە چاو لە هەلومەرجی ئیستای کوردستان دەکەیت، زەرورەتی هەلگیرانەوەی ئەم وەزعەو دەرهینانی چارەنوسو ژیانی رۆژانەی خەلك لە دەستی ئەم دەسەلاتە عەشایەریە میلیشیایە، نەك بەوپەری خۆی گەیشتوە، بەلکو لە تەحەمول دەرچووە. لە روانگەی ئازادیەوە، لە روانگەی هەژاریو گرانیو بیکاریەوە، لە روانگەی فەسادیو تالانبرۆی داهاتی کۆمەلگاوە، لە روانگەی بەجیماوانی کارەساتی ئەنفالو کیمیابارانو کوشتارە بە کۆمەلەکانەوە، لە روانگەی حەشاماتیکەوە کە ژیانیان لە ئاوارەییدا تەواوکرد، لە روانگەی مافەکانی لاوانەوە، لە روانگەی کریکارانەوە، لە روانگەی جەماوەری زەحمەتکیشەوە، لە روانگەی مندالانی بینازو ستەمدیدەوە.... تا دەگات بە روانگەی ژنانیك کە خراپترین سەرزەمینی دژی ژنی دنیای هاوچەرخیان پیبراوە... ئیتر ئەم وەزعە قابلی تەحەمول نیە. بیزاریو تورەیی خەلك بەوپەری گەیشتووە.

بەلام جیگای حیزبیك کە لەو ئەبعادە فراوانەدا نوینەرایەتی و رابەری ئەم تورەییە بکات لە ئیستای کوردستاندا خالیە. تەجروبەی گشت ئەم سەدەیەی رابردوی ئەم کۆمەلگایە نیشانیداوە کە پرکردنەوەی ئەم بۆشاییە تەنها ئەرکی کۆمۆنیزمی کریکاریو رەوتی حیکمەتیزمەو بەو دەکریت. هیچ بەدیلیکی تر نیە کە بیەوێ ئەم دەورە بگیرێو ئامانجەکانی لەگەل ئامانجو تورەیی خەلکدا لیکهەلپیکرابن. لە دەورانیکدا کە حیزبی ئەم رەوتە مەیداندارو لە ئاستیکی کۆمەلایەتیدا هەلسورانیکی فراوانی هەبوو، لە هەموو مەیدانیکدا نوینەرو رابەری ئەم تورەیەی خەلك بوو. ئیستاش دەبی لە حالەتی ئیستای بیتەدەرو ئەو بۆشاییە پربکاتەوەو دەرسو تەجروبەو کەمو کوریەکانی رابردوشی بکاتە بنەمایەك بۆ مسۆگەرکردنی گیرانی ئەم دەورەو بوون بە بەدیلی رزگاری کۆمەلگا.

ناوەراستی دیسەمبەری 2007